# پرس و خۆشەویستی

# تێ ڕوانینێك بۆ گۆرانی كەركوك

ڕێبوار

سلیمانی 2005/9/11




پرسیم ....ئەرێ خۆشەویستی لەكوێوە دێ ؟

خواوەند وتی : ئەوە تەنها كاری منە

لاوێ وتی : ئەو هەر وەلیای كۆشی ژنە

پێغەمبەرێك وتی : تەنها لە پەیامـــا

جوتیار وتی : لەگەڵ هەوەڵ هۆی سەرهۆدا

زەحمەتكێشێ وتی : تەنها بە عارە قەی نێو چاواندا

شاعیر وتی : لەئەندێشەو لەچامەوە

مەی دێر وتی : تەنها لەمەی و جامەوە

دایك وتی : لە پیێوە پیێچان و ژانا

شوانێك وتی : لەخەونێكی ناو سێبەری مۆڵگەی ڕانا

كوردێك لەولاوە , بـانگـــی كــرد ......

مە یخە بـازنەی هەوارێكی بچوكەوە

ڕاستت دەوێ ............لەشارە كەی كەركوكەوە

﴿ شێخی شاعیران ماموستا حەسیب قەرەداغی ﴾

بۆ وەلامی پرسی شاعیر منیش ئەلێم خۆشەویستی هەر لە شارەكەی كەركوكەوە ............

گەر وا نەبا بۆچی :

منداڵێكی ( 3 ) سالاَن لەشارە خۆرنەدیوەكەی كەركوكەوە لەگەڵ خانەوادەكەی باوەشی نیشتمانی خۆشەویستیان بەناچاری جیهێشت ....... لەكاتێكا دوژمن ڕێگەی نەدا تەنها یەك یادەوەری لەگەڵ خۆیدا بەرێت .........

سالْ هاتوو چوو بە هێمنی ئەو دەستگیران و خۆشەویستە لەدڵ لانەچوو پاش تێپەڕ بوونی ( 19 ) سالْ لەئاوەرەیی و دابڕان لەو ئامێزە پڕ سۆزە بەتاسەیەکی زۆرەوە گەڕایەوە بۆ دەست لەملانێ ی بابە گوڕگوڕ ..... بۆ ئاوێتە بوون لەگشت ئازەرەکانی ئەوشارە مەزنەدا ..... بۆ تووانەوە لە یەکە بە یەکەی شەقام و کۆلاَنێکی ڕەش پۆش و ماتا . ئەوان نەك بە بابە گوڕگوڕ نامۆ نەبوون بەڵکو بست بە بستی ئەو خاکە تامەزرۆی خۆی و خانەوادە بەوە فاکەی بوون .....

گەڕانەوەش بێ دەست و دیاری نەبوو ...... کەسیش وەك ئەو دیاری جوانی پێ نەبوو ..... گۆرانی یەك پڕاو پڕ لەتاسەی دووری ..... ئاوازێك لە ئازاری خەڵکی ...... شیعرێك لە گریان ...... بۆ **کەرکوك** ی دایك و نیشتمان .

باس لەوە ناکەم تا چ ڕاددەیەك زامی کەرکوك لەویژدانی هەموو کوردێکی بەشەرە فدا چەندە بەئێشە ....

بەلاّم تا کاتی بلاّو کردنەوەی ئەم گۆرانی یە کەم تا زۆر گۆرانی ووتراوە بەسەر ئەو شارەدا , بەلاّم بەڕای من هیچ کامیان لەئاست داخوازی خەڵکی کوردستان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی نەبوون جگە لە گۆرانی یەکەی ماموستا عەدنان کەریم نەبێ کە بە داخەوە ئەویش کومتەرخەمی پیوە دیارە لە کلیپ کردنیا ...

بەلاّم گۆرانی یەکەی چۆپی ئەو کەلێنەی لە خۆزگەو دەرونی ئێمەدا پڕ کردەوە .

من نامەوێ لەبارەی هونەری گۆرانی یەوە بنوسم چونکە ئەوە کاری من نی یە وە بۆ کەسانی پسپۆڕ لەو بوارەدا جێ دەهێڵم ...... تەنها ئەوەندە ئەزانم عادەتێکی خرا پمان هەیە هەر لەمندالْی یەوە ڕایان هێناوین لەسەر ئەوەی ﴿ پیاو نابێ بگری ﴾ چونکە عەیبە .... نەیان هێشتووە بەئاشکرا بگرین هەرچەندە من خۆم زۆر بە عاتفی ئەزانم , بۆ هەموو ئازارێ لەناخەوە گریاوم , بەلاّم گۆرانی ( کەرکوك ) بەو دەنگە پڕ سۆزەی ( چۆپی ) ئەو عادەتەی سڕیمەوە .... توانیم ئەوەندە بگریم تا چاوەکانم سور بوون ..... لەو کاتەدا حەزم ئەکرد هەموو جەستەم ببێتە چاو تاکو هەموو ئەو شتانەی لەناخەوە بۆیان گریاوم ئەمڕۆ بەئاشکرا بۆیان بگریم .

هەر ئەوەندەشم پێ ئەکرێ لێرەوە لەم دوری یەوە دەستی یەکە بە یەکەی ئەو کەسانە ئەگوشم و دەست خۆشیان لێ دەکەم کە لەم شاکارەدا کاریان کردووە و بەتایبەتی ﴿ چــۆپی ﴾ .

هەر تەمەن درێژو سەرکەوتوو بن